# پرۆژەی راگەیەندراوی ئینشیۆن

## خوێندن لە ساڵی 2030 :
## بەرەو خوێندنێکی هەمەلایەن و یەکسانی داد پەروەر و بەردەوام
## بۆ هەمووان

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە/ م.شاسوار کەمال مەحمود

World Education Forum 2015
19-22 May 2015, Incheon, Republic of Korea
*Equitable and inclusive quality education and lifelong learning for all by 2030.*
*Transforming lives through education*

## دەستپێك

1. ئێمە، وەزیران، سەرۆك و ئەندامانی وەفدەكان، سەرۆكی ئاژانس و بەرپرسانی ڕێكخراوە هەمەلایەن و دولایەنەكان، هەروەها نوێنەرانی كۆمەڵگای مەدەنی، مامۆستایان، لاوان و كەرتی تایبەت، كۆبووینەوە لە ئایاری 2015 لەسەر داوەتی بەڕێوبەری گشتی یونسكۆ لە ئینشیۆن لە كۆماری كۆریا بە بۆنەی بەستنی كۆڕبەندی جیهانی خوێندنی 2015 (WEF 2015). ئێمە زۆر سوپاسی حكومەت و گەلی كۆریا دەكەین بۆ میوانداریكردنی ئەم بۆنەیە، هەروەها سوپاسی یونیسێف، بانكی نێودەوڵەتی، سندوقی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ نیشتەجێكردن، بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەكگرتووەكان، دەستەی ئافرەتانی سەر بەنەتەوە یەكگرتوەكان، كۆمیساری باڵای نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ كاروباری پەنابەران، كە ئەوانە لایەنی هاوبەشی گرێدانی ئەم كۆبوونەوەیەن، سوپاسیان دەكەین بۆ هاوكاریان. هەروەها پێزانینی خۆمان دەردەبڕین بۆ یونسكۆ بۆ دەست پێشخەریكردن و رابەرایەتیكردنی ئەم چالاكیە گرنگەی تایبەت بە خوێندن تا ساڵی 2030.

2. لەم بۆنە مێژوویەدا، دووبارەی تەئكید دەكەینەوە لەسەر دیدگای بزوتنەوەی جیهانی خوێندن بۆ هەمووان كە لە جومیتان دەستیپێكرد لە ساڵی 1990و جارێكی دیكە لە دەكار لەساڵی 2000دا تەئكیدی لەسەر كرایەوە- ئەوە گەورەترین پابەندبوونە بۆ خوێندن لەم چەند دەیەی دوایدا، كەهاوكار بووە بۆ بەرەو پێشبردنی بواری خوێندن. هەروەها دووبارە تەئكید لەو دیدگا و ئیرادەی سیاسی دەكەینەوە كە رەنگیداوەتەوە لە زۆر پەیماننامەی جیهانی و ناوچەیی مافەكانی مرۆڤ كە مافی خوێندن بۆ هەموانی لە خۆ گرتووە لەگەڵ بوونی پەیوەندی ئاڵوگۆڕ بە مافەكانی دیكەی مرۆڤەوە. ئێمە سوپاسی ئەو هەوڵانە دەكەین كە دراوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەداخەوە رایدەگەیەنین ئێمە دوورین لە گەیشتن لە بەدەستهێنانی خوێندن بۆ هەمووان.

3. جارێكی دیكە ڕێكەوتنی مەسقەت بەبیرتان دەهێنینەوە، كە لە ڕێگای راوێژكاری زۆرەوە دارێژراوە و لە كۆبوونەوەی جیهانی خوێندن بۆ هەمووان لە ساڵی 2014 پەسەندكرا، كە بەشێوەیەكی سەركەوتووانە ئاماژەی داوە بە ئامانجە پێشنیاركراوەكانی تیمی كاری كراوەی دەربارەی ئامانجەكانی گەشەپێدانی بەردەوام (SDGs). زیاتر لەمەش، ئەنجامەكانی كۆنگرە وزاریە ناوچەیەكان، بەبیر دەهێنینەوە دەربارەی خوێندن لە دوای 2015، هەروەها دەرئەنجامەكانی راپۆرتی جیهانی چاودێری EFA بۆساڵی2015 و راپۆرتە كۆكراوەكانی ناوچەیی EFA دەربارەی خوێندن بۆ هەمووان. دان بە بەشداری گرنگی ( دەستپێخەری جیهانی خوێندن یەكەمجار) لەگەڵ رۆڵی حكومەتەكان و ناوچەكان و ریكخراوە حكومیە نیودەوڵەتیەكان و ناحكومیەكانە لە كۆكردنەوەی ئیلتیزامی سیاسی لە پێناو خوێندندا.

4. دوای لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشکەوتنەی رویداوە بەرەو خوێندن بۆ هەمووان لە ساڵی 2000ەوە لەگەڵ ئامانجە پەرەوەردەیەکانی پەیوەست بەگەشەپێدانی هەزارساڵە (MDGs)، هەروەها ئەو وانانەی لێیانەوە فێربووین و دوای نیشاندانی ئەو بەربەستانەی تائێستا ماون، بیروڕامان گۆڕییەوە دەربارەی ئەجێندا و چوارچێوەی کاری خوێندنی 2030 ، هەروەها بیروڕامان گۆڕیەوە دەربارەی کارە یەکەمینەکان و ستراتیژەکان بەمەبەستی بەدەستهێنانیان ، بۆیە ئەم راگەیندراوە پەسەند دەکەین.

## بەرەو ساڵی 2030 : دیدگایەکی نوێ بۆ خوێندن

5. دیدگای ئێمە بریتیە لە گۆڕینی ژیانی خەڵکی لە رێگای خوێندنەوە، لەگەڵ دانان بە رۆڵی گرنگی خوێندن وەك جولێنەری گەشەپێدان و بەدەستهێنانی ئامانجە پێشنیارکراوەکانی دیکەی خوێندنی بەردەوام. بەشێوەیەکی دەست بەجێ، خۆمان پابەند دەکەین بە ئەجێندایەکی تەنها و نوێی خوێندن، کە گشتگیر و بەتموح و ئیلهام بەخش بێت و هیچ کەسێك بەجێ نەهێڵێت. ئەم دیدگا نوێیە بەتەواوی بەرجەستە دەبێت لە ئامانجی 4ی پێشنیارکراو لە ئامانجەکانی خوێندنی بەردەوام کە بریتیە لە: " **دابینکردنی خوێندنێکی گشتگیر و دادپەروەری چاك و بەرزکردنەوەی هەلەکانی فێربوونی بەردەوام بۆ هەمووان**"، لەگەڵ مەبەستە هاوتاکان.ئەمە ئامانجێکی گۆڕانخواز و جیهانیە، بۆ تەواوکردنی 'برگە ناتەواوەکان' ی ئەجێندای خوێندن بۆ هەمووان و ئامانجە گەشەپێدانەکانی هەزارساڵەی پەیوەند بە خوێندنەوە کە بەرەنگاری تەحدیەکانی خوێندنی جیهانی نیشتمانی دەبێتەوە. ئەم دیدگایە ئیلهامی وەرگرتووە لە دیدگای ئینسانی بۆ خوێندن و گەشەپێدان، کە بناغەی دامەزراوە لەسەر مافەکانی مرۆڤ و شکۆمەندی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و گشتگیری و پاراستن و هەمەرەنگی کلتوری و زمانەوانی و بەرپرسیارێتی هاوبەش ولێپرسینەوە. دووبارە تەئکید دەکەینەوە، کە خوێندن بەرژەوەندی گشتییە، مافێکی بنەڕەتی مافەکانی مرۆڤە، هەروەها بناغەیە بۆ زامنکردنی بەدیهێنانی مافەکانی تر. خوێندن بناغەیە بۆ هێنانەدی: ئاشتی، لێبوردەیی، گەشەکردنی مرۆڤ و گەشپێدانی بەردەوام. ئێمە پێمان وایە خوێندن کلیلە بۆ بەدەستهێنانی ئیشکردنی بەردەوام و زاڵ بوون بەسەر هەژاریدا. ئێمە قورسایی هەوڵەکانمان دەخەینە سەر دەست پێڕاگەیشتن بە خوێندن، دادپەروەری و گشتگیری، یەکسانی و دەرئەنجامەکانی فێربوون لە چوارچێوەی رێبازی فێربوونی بەردەوام.

6. هاندراو بەهۆی دەسکەوتە مەزنەکانەوە لە فراوانکردنی چوونە بەرخوێندن لە ماوەی 10 ساڵی رابردوودا، ئێمە داوای زامنی دابینکردنی 12 ساڵ لە خوێندنی چاك و یەکسان بۆقۆناغەکانی سەرەتایی و ئامادەیی دەکەین کەلەلایەن حکومەتەوە پارەدارکرابێت، کە لانی کەم 9 ساڵ تیایدا بەخۆڕایی و ئیلزامی بێت، کە دەبێتە هۆی هێنانە دی دەرئەنجامەکانی پەیوەندیدار بەهەمووان. هەروەها هانی بوونی دابینکردنی (یەك ساڵ) لە خوێندنی

بەخۆڕایی وئیلزامی دەکەین بۆ قۆناغی پێش سەرەتایی، کە تیایدا هەموو منداڵان توانای چوونە بەرخوێندن و گرنگی پێدانی چاکیان هەبێت لە قۆناغی منداڵی زوودا. هەروەها بەڵێن دەدەین بە دابینکردنی هەلی خوێندنی مانادار و راهێنان بۆ ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان و هەرزەکارانی دەرەوەی قوتابخانە کە پێویستیان بەکاری دەست بەجێ و ئامانجدار و بەردەوامە بۆ زامنکردنی ئەوەی هەموو منداڵان دەچنە قوتابخانە و هەروەها فێریش دەبن.

7. گشتگیری و دادپەروەری لەناو خوێندن و لەرێگای خوێندنەوە بەردی بناغەن بۆ زامنکردنی ئەجێندای گۆڕانخوازی خوێندن، هەربۆیە ئێمە، بەڵێن دەدەین بەرەنگاری هەموو شێوەکانی دەرپەڕاند و پەراوێزخستن و جیاوازی و نایەکسانی لە چوونە بەرخوێندن و بەشداریکردن و دەرئەنجامەکانی فێربوون ببینەوە. هیچ ئەنجامێکی خوێندن بە بەدەست هاتوو نابینرێت، ئەگەر لەلایەن هەمووانەوە بەدەست نەهاتبێت. لەبەرئەوە، ئێمە بەڵێن دەدەین بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری پێویست لە سیاسەتەکانی خوێندن و گرنگی خستە سەر ئەوانەی زۆر بێ بەش بوون بە تایبەتی خاوەن پێداویستیە تایبەتییەکان، بۆ دڵنیا بوون لەوەی هیچ کەسێك بەجێ نەماوە.

8. داندەنێین بەگرنگی یەکسانی جێندەری لە بەدەستهێنانی مافی خوێندن بۆ هەمووان. هەر بۆیە ئێمە بەڵێن دەدەین لە پشتگیری کردنی سیاسەتەکانی پەیوەندیدار بە جێندەر و پلاندانان و ژینگەی فێربوون و کێشە باوەکانی جێندەری لە راهێنانی مامۆستایان و مەنهەجی خوێندن. هەروەها بەڵێن دەدەین بۆ زاڵ بوون بەسەر جیاکاری لەسەر بنەمای رەگەزی و توندوتیژی لە قوتابخانەکاندا.

9. پابەنددەبین بە کواڵێتی خوێندن و دەرئەنجامەکانی خوێندن، کە پێویستی بە بەهێزکردنی تێکردنەکان و پرۆسەکان و هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکان و میکانیزمەکان هەیە بۆ پێوانەکردنی پێشەکەوتن. دڵنیایی ئەوە دەدەین، کە مامۆستایان و پەروەردەکاران: تواناداربکرێن، بەشێوەیەکی گونجاو بخرێنە سەرکار، باش رابهێنرێن، هان بدرێن و پشتگیری بکرێن لە چوارچێوەی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی سەرچاوەدار، چووست و کاریگەر. خوێندنی چاك داهێنان و زانیاری بەهێز دەکات، هەروەها دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی کارامەییە بناغەییەکانی خوێندەواری و حساب کردن، لەگەڵ بەدەستهێنانی کارامەییەکانی شیکارکردن، گرفت چارەسەرکردن، توانا باڵاکانی دیکەی زانین، کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندی نێوان کەسەکان. خوێندن دەبێتە هۆی گەشەپێدانی کارامەییەکان، بەهاکان و هەڵوێستەکان کە دەبنە هۆی هاندانی هاوڵاتیان بۆ ئەوەی ژیانێکی تەندروست و تەواو بژین، بتوانن بڕیاری ئاگاداربوو بدەن، وڵامی تەحەدییە ناوخۆیی و جیهانیەکان بدەنەوە لەڕێگای خوێندن بۆ گەشەپێدانی بەردەوام (ESD) و خوێندنی هاوڵاتی بوونی جیهانی (GCED). لەم چوارچێوەیەدا بە توندی پشتگیری دەکەین لە جێ بەجێکردنی بەرنامەی کاری جیهانی لە پێناو خوێندن بۆ گەشەپێدانی بەردەوام لە (ئەیشی- ناگۆیا)ی ساڵی 2014. هەروەها دووپات لەگرنگی پەروەردە بوون بەمافەکانی مرۆڤ و راهێنان دەکەینەوە بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەجێندای گەشەپێدانی بەردەوام بۆ دوای 2015.

10. بەڵێن دەدەین بۆ بەهێزکردنی هەلەکانی کوالێتی خوێندنی بەردەوام بۆ هەمووان، لە هەموو شوێنێك و لەسەر هەموو ئاستەکانی خوێندن. ئەمە لەخۆی دەگرێت: مافی چوونە بەرخوێندنی زیاد و دادپەروەرانە بۆ خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی، لەگەڵ راهێنان و خوێندنی باڵا و توێژینەوە، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی دڵنیایی جۆری. سەرەڕای ئەوەش، دابینکردنی رێچکەکانی فێربوونی نەرم و داننان بە پشت بەستن و بایەخدان بە زانیاری، کارامەییەکان و تواناکان کە لە رێگای خوێندنی فەرمی و نافەرمییەوە بەدەست دێن، شتێکی گرنگە. دووپاتی دەکەینەوە بەوەی هەموو گەنجان و تازەپێگەیشتووان، بەتایبەتی کچان و ژنان، توانای بەدەستهێنانی ئاستەکانی لێهاتوویی پەیوەندیدار بەخوێندنی چاك و حساب کردنەوە هەبێت و بتوانن کارامەییەکانی ژیان بەدەست بهێنن، هەروەها هەلەکانی فێربوون و خوێندن و راهێنانی گەورانیان بۆ دابین کرابێت. پابەند دەبین بە بەهێزکردنی زانست و تەکنەلۆژیا و داهێنان. پێوستە تەکنەلۆجایی زانیاری و پەیوەندی (ICTs) بەکار بهێنرێت بۆ بەهێزکردنی سیستەمەکانی خوێندن، بڵاوکردنەوەی زانیاری، دەست راگەیشتن بە زانیاری، فێربوونی کاریگەر و چاك، لەگەڵ دابینکردنی خزمەتگوزاری کاریگەر.

11. سەرەڕای ئەوانەش بەنیگەرانیەوە تێبینی ئەوە دەکەین لەرۆژگاری ئەمرۆماندا، ژمارەیەکی زۆر لە کەسەکان دابڕاون لە قوتابخانە، ئەوانە لەو شوێنان دەژین کە کاریگەرە بەململانێکان، قەیرانەکان، توندوتیژی، هێرش کردنە سەر دامەزاروە پەروەردەییەکان، کارەساتی سروشتی و وێرانکاری کە دەبێتە هۆی بەردەوامی دابڕان لە خوێندن و گەشەکردن لەسەر ئاستی جیهانی. بەڵێن دەدەین، بەگەشەپێدانی سیستەمەکانی خوێندن کە گشتگیر و وڵامدەرەوە و نەرم بن و بگونجێن لەگەڵ پێداویستیەکانی: منداڵان، گەنجان، گەوران لەو شوێنانە لە ناویشیاندا ئاوارەکانی ناوخۆ و پەنابەران. ئێمە تیشك دەخەینە سەر پێویستی ئەوەی کە دەبێت خوێندن دابینبکرێت لە ژینگەیەکی: سەلامەت، پشتگیر، ئارام و دوور لە توندوتیژی. پێشنیاری وڵامی گونجاو دەکەین بۆ قەیرانەکان، سەرەتا وڵامدانەوە بۆ کارەساتە لەناکاوەکان تا کاتی چاکبوونەوە و بنیاتنانەوە. هەروەها پێشنیاری باشتر تەنسیقکردنی وڵامە نیشتمانی و ناوچەیی و جیهانیەکان دەکەین، لەگەڵ گەشە پێدانی تواناکان بۆ سنووردارکردنی کارەساتەکان بەشێوەیەکی گشتگیر، بەمەبەستی دڵنیابوون لەوەی خوێندن دابینکراوە لە بارودۆخەکانی: ململانێکان، لەناکاو، دوای ململانێکان، هەروەها سەرەتای چاکبوونەوە.

## جێ بەجێکردنی ئەجێندا هاوبەشەکەمان

12. دووبارەی دەکەینەوە، کەبەرپرسیارێتی سەرەکی بۆ جێ بەجێکردنی سەرکەوتووانەی ئەم ئەجێندایە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتەکان. ئێمە سوورین لەسەر دروستکردنی چوارچێوەیەی یاسایی و تایبەت بە سیاسەتەکان کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی لێپرسینەوە و شەفافیەت، هەروەها بۆ بەرێوەبردنی بەشدار و تەنسیقکردنی هاوبەش لەسەر هەموو ئاستەکان و لەناو هەموو کەرتەکاندا، لەگەڵ پشتگیری کردن لە مافی بەشداریکردنی هەموو کەسە پەیوەندیدارەکان.

13. داوای هاوکاری و هەرەوەزی و تەنسیقی بەهێزی ناوچەیی و جیهانی دەکەین لەگەڵ چاودێریکردنی جێ بەجێکردنی ئەجێندای خوێندن لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی داتاکان، شیکردنەوەی داتاکان و ئامادەکردنی راپۆرت لەسەر ئاستی ولآتان لە چوارچێوەی قەوارە و میکانیزم و ستراتیژە بەردەستەکان.

14. پێمان وایە، سەرختنی ئەجێندای خوێندنی 2030 پێویستی بە سیاسەت و پلانی گونجاو هەیە لەگەڵ بوونی رێککاری جێ بەجێکردنی کاریگەر. هەروەها شتێکی ئاشکرایە تموحەکانی ئامانجی 4ی پێشنیارکراو لە ئامانجەکانی فێربوونی بەردەوام بەدەست نایەن بەبێ بەرزکردنەوەی گرنگ و ئامانجداری دارایی، بەتایبەتی لەو ولآتانەی دوورن لە دابینکردنی خوێندن بۆ هەموان لەسەر هەموو ئاستەکان. هەربۆیە ئێمە سوورین لەسەر زیادکردنی خەرجی گشتی بۆ خوێندن، بە رەچاوکردنی بارودۆخی هەر ولآتێك، وەپێداگیری دەکەین لەسەر پابەند بوون بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و ناوچەییەکان بۆ دابینکردنی لانی کەم 4%- 6% لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی یاخود 15%- 20% لەکۆی گشتی خەرجیە گشتیەکان بۆ خوێندن.

15. لەگەڵ ئاماژەدان بە گرنگی گەشەپێدانی هەرەوەزی لە تەواوکردنی وەبەرهێنانەکانی حکومەتەکان، داوا لە ولآتانی پێشکەوتوو، ولآتانی بەخشەری تەقلیدی و نوێیەکان دەکەین، هەروەها ولآتانی خاوەن داهاتی مام ناوەند و میکانیزمی دارایی جیهانی، داوا دەکەین بۆ پارەدارکردنی زیاتری خوێندن و پشتگیری کردن لە جێ بەجێکردنی ئەجێنداکە بە پێی پێویستی و ئەولەویاتی ولآتان. ئێمە پێمان وایە، جێ بەجێکردنی هەموو ئیلتیزاماتەکانی تایبەت بە هاوکاری گەشەپێدانی رەسمی شتێکی گرنگە، لەناویشیاندا ئیلتیزاماتەکانی زۆرێك لە ولآتانی پێشکەوتوو بۆ گەیشتن بە 0.7%ی تێکڕای بەرهەمی نیشتمانی لە هاوکاری گەشەپێدانی رەسمی (ODA) بۆ ولآتانی تازە پێگەیشتوو. بەپێی ئەو ئیلتیزاماتانە، داوا لە ولآتانی پێشکەوتوو دەکەین کە تا ئێستا بەڵێنەکانیان جێ بەجێ نەکردووە، هەوڵی زیاتر بخەنە گەڕ لە پێناو بەدەستهێنانی 0.7% ی تێکڕای بەرهەمی نیشتمانی لە (ODA) بۆ ولآتانی تازە پێگەیشتوو. هەروەها سوورین لەسەر زیادکردنی پشتگیریەکانمان بۆ ولآتانی کەمتر گەشەکردوو. زیاتر لەوەش، دانئەنێین بە گرنگی کردنەوەی هەموو سەرچاوە شاراوەکان بۆ پشتگیری کردنی مافی خوێندن. پێشنیار دەکەین بۆ باشترکردنی هاوکاریکردنی کاریگەر لە رێگای باشتر تەنسیق کردن و رێکخستن و دیاریکردنی ئەولەویاتی پارەدارکردن و دانانی هاوکاری بۆ کەرتە لاوەکیەکان و فەرامۆشکراوەکان و ولآتانی خاوەن داهاتی نزم. هەروەها بە گرنگیەوە پێشنیاری ئەوە دەکەین، بە زیادکردنی پشتگیری لە خوێندن لەکاتی کارەساتە مرۆڤایەتیەکان و حاڵەتەکانی ململانێی درێژخایەن. بۆیە ئێمە پشتگیری لە لوتکەی ئۆسلۆ دەربارەی خوێندن بۆ گەشپێدان دەکەین (لە تەمووزی 2015) وە داوا لە کۆنگرەی پارەدارکردنی گەشەپێدان لە ئەدیس ئابابا دەکەین بۆ پشتگیری کردن لە ئامانجی 4ی پێشنیار کراوی گەشەپێدانی بەردەوام (SDG4).

16. داوا لەلایەنە هاوبەشەکانی گۆنگرەی خوێندنی 2015 (WEF 2015) دەکەین بەتایبەتی یونسکۆ هەروەها هەموو هاوبەشکانی تر، کە بەتەنها یاخود بەیەکەوە پشتگیری وڵاتان بکەن لە جێ بەجێکردنی ئەجێندای خوێندنی 2030، لە رێگای دابینکردنی راوێژکاری تەکنیکی، گەشەپێدانی توانای نیشتیمانی، هەروەها پیشتگیری دارایی و راسپاردە و سوودەکانی ئارەزوومەند و بنیاتنان لەسەر بناغەی تەواوکاری. بۆ ئەم مەبەستە، داوا لە یونسکۆ دەکەین، بەراوێژ لەگەڵ وڵاتانی ئەندام، هاوبەشەکانی گۆنگرەی خوێندنی 2015 ( WEF 2015)، و هاوبەشەکانی تر، بۆ گەشەپێدان بە میکانیزمێکی تەنسیقکردنی جیهانی گونجاو بە دانان بەوەی کە هاوبەشی جیهانی بۆخوێندن پلاتفۆرمێکی فرەلایەنە بۆ پارەدارکردنی خوێندن بەمەبەستی پشتگیری کردن لە جێ بەجێکردنی ئەجێنداکە ئەویش بەپێی پێداویستی و ئەولەویاتی وڵاتان. ئێمە پێمان وایە ئەمە ببێتە بەشێك لە میکانیزمی تەنسیقکردنی جیهانی داهاتوو.

17. هەروەها داوا لە یونسکۆ دەکەین، وەك ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە خوێندن، بۆ بەردەوام بوون لە رۆڵی سەرکردایەتیکردن خۆی لە رابەریکردن و تەنسیقکردنی ئەجێندای خوێندنی 2030 بەتایبەتی: گرتنە ئەستۆی لایەنگیری بۆ ئیلتیزامی سیاسی، ئاسانکاری دایەلۆگی تایبەت بە: سیاسەتەکان، هاوبەشیکردنی زانیاری و دانانی پێوەرەکان، چاودێریکردنی پێشکەوتن بەرەو ئامانجەکانی خوێندن، هەروەها کۆکردنەوەی پەیوەندیدارانی جیهانی ، ناوچەیی و نیشتیمانی بۆ رێبەریکردنی جێ بەجێکردنی ئەجێنداکە. لەگەڵ ئەوەی دەبێت یونسکۆ رۆڵی تەنسیقی خۆی ببینێت سەبارەت بە خوێندن لە چوارچێوەی ئەندازیاری ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام بە شێوەیەکی گشتگیر.

18. سووربوونی خۆمان نیشان دەدەین، بۆ گەشەپێدان بە سیستەمەکانی هەڵسەنگاندن و چاودێری نیشتمانی گشتگیر لە پێناو زامنکردنی بەڵگەی دروست بۆ دروستکردنی سیاسەت و بەڕێوە بردنی سیستەمەکانی خوێندن، هەروەها بۆ دڵنیا بوون لە لێپرسینەوە. زیاتر لەوەش، ئێمە داوا دەکەین کە هاوبەشەکانی گۆنگرەی خوێندنی 2015 (WEF 2015) و هاوبەشەکانی تر، پشتگیری گەشەپێدانی تواناکان بکەن لە: کۆکردنەوەی داتاکان، شیکردنەوەی داتاکان، هەروەها راپۆرت ئامادەکردن لەسەر ئاستی وڵاتان. دەبێت وڵاتان هەوڵ بدەن بۆ باشترکردنی کوالێتی، ئاستەکانی پۆلێنکردن، کاتی ناردنی راپۆت بۆ پەیمانگای ئاماری یونسکۆ. هەروەها داوا دەکەین راپۆرتی جیهانی خوێندن بۆ هەمووان بەردەوام بێت وەك راپۆرتێکی چاودێری خوێندنی جیهانی سەربەخۆ (GEMR)، کە لەلایەن یونسکۆوە میوانداری دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە، وەك میکانیزمێك بۆ چاودێریکردن و راپۆرت دان لەسەر ئامانجی 4ی پێشنیارکراو لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام دەربارەی خوێندن و ئامانجە پێشنیارکراوەکانی دیکەی (SDGs) ، لە چوارچێوەی میکانیزمێکدا کە دادەمەزرێت بۆ چاودێریکردن و پێداچوونەوەی جێ بەجێکردنی ئامانجە پێشنیارکراوەکانی گەشەپێدانی بەردەوام (SDGs).

19. ئێمە گفتوگۆمان کرد و رازی بووین لەسەر رەگەزە بناغەییەکانی چوارچێوەی کاری خوێندنی 2030، بە لەبەرچاوگرتنی لوتکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەسەندکردنی ئەجێندای گەشەپێدانی دوای 2015 (لە نیویۆرك لە ئەیلولی 2015)، هەروەها دەرئەنجامەکانی کۆنگرەی سێیەمی جیهانی دەربارەی پارەدارکردن بۆ گەشەپێدان (لە ئەدیس ئابابا لە تەمووزی 2015)، کە دەقی کۆتایی پێشکەش دەکرێت بۆ پەسەند کردن و دەرچواندنی لە ماوەی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی ئاست بەرز لە پەراوێزی خولی (38)ی کۆنگرەی گشتی یونسکۆ (لە تشرینی دووەمی 2015). ئێمە بەتەواوی پابەندین بە جێ بەجێکردنیەوە دوای پەسەند کردنی ئەویش بۆ ئیلهام بەخشین و رێبەریکردنی وڵاتان و هاوبەشەکان بۆ دڵنیابوون لە هێنانەدی ئەجێنداکەمان.

20. بەپشت بەستن بە میراتی (جومیتان و داکار)، ئەم راگەیەندراوەی ئینشیۆن، پابەندبوونێکی مێژووییە لەلایەن هەموومانەوە بۆ گۆڕینی ژیانەکان لە رێگای دیدگای نوێ بۆ خوێندن، ئەویش لە رێگای چالاکی ئازایانە و نوێخوازانە بۆ گەیشتن بە بەرزخوازیمان (طموح) لە ساڵی 2030دا.